Centre of Halabja
*Against Anfalization*
*And*
*Genocide of the Kurd*

ناوەنـــدی هەڵەبجە
دژبە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-
چاك
*chak.kurdistan@yahoo.com*

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال

ئەمرۆ 8/21 یادی دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتیە، ئەوتاوانانەی لە یادەورەی ئێمەدا جێگەیەکی تایبەتی وەرگرتووە،چونکە رۆژی 8/21 تەنها دادگایی کردنی چەند تاوانبارێکی سەرانی بەعس نیە، بەڵکو لەلایەک دادگایی کردنی بیری شۆڤێنیزمی عەرەبیء هەموو ئەخلاقیاتی بەعسە و لەلایەکی تریشەوە رۆژێکە تیایدا ڕێز لە قوربانیانی ئەنفال دەگیرێت، ئەگەر 4/14 ی هەموو سالێک یادەوری سوکایەتی پێکردن و کۆمەڵکوژی گەلی کورد بێت بەدەست پیاوانی بەعسء رژێمەکەیەوە، ئەوا ڕۆژی 8/21 ئەو رۆژە ئاسودە بەخشەیە کە تاوانبارانی ئەو رژێمە خرانە قەفەزی تۆمەتباریەوە سەبارەت بەئەنجامدانی مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتی.

ئێمە وێرای ئەوەی بریاری لەسێدارەدان لەیاسای وڵاتدا ڕەتدەکەینەوەء کەس بەشایانی ئەوەنازانین گیانی لێبسەندرێتەوە، بەڵام لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا کە تاوانبارانی ئەنفالی تێدا دادگایی کرا و لەمیانەی دانیشتنەکانیدا بەڵگە یاساییەکانی داواکاری گشتی سەلماندیان ێدامء دارودەستەکەی سڵیان لەهیچ پێوانەیەکی ئەخلاقیءمرۆڤایەتی نەکردووەتەوەو تاوانی جینۆسایدیان ئەنجامداوە، ئەرکی سەرشانمانە رێز لە هەستی بریندای کەسوکاری قوربانیان و رێز لەبڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان بگرین.

بۆیە داواکارین حکومەتی ناوەندی عێراقیش رێز لەبریاری دادگای باڵای تاوانەکان بگرێت و بریاری دادگای وڵات جێبەجێبکات و چیتر رێگە نەدات لایەنە سیاسیەکان دەست لە کاروباری یاساو دادوەری وەربدەن و کۆسپ بۆ بریارەکە دروستبکەن. بەپێچەوانەوە هەر دەست تێوەردانێکی سیاسی بۆ سوک کردنی سزای تاوانباران، سوکایەتیە بەخوێنی قوربانیانی ئەنفال و هەست و کەرامەتی کەسوکاریان، سوکایەتیە بەسەروەری یاساو دادەوری و سوکایەتیشە بەبەندەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید.

بۆیە لەم رۆژەدا داواکارین لەحکومەتی عێراق وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی رێز لە بریاری دادگای ناوخۆ بگرێت و بریاری دادگای بالای تاوانەکانی دەربارەی تاوانبارانی ئەنفال جێبەجێبکات و هەموو ئەو تۆمەتبارء گومانلێکراوانەش راکێشێتەبەردەمی دادگاء لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، لەپێشەوە موستەشارە کوردەکان، چونکە ئەوان جگەلەوەی تاوانبارن بەخیانەتی نیشتمانی، تۆمەتباریشن بە تاوانی ئەنفال ء کۆمەڵکوژی هاوزمانء هاونیشتمانیانی خۆیان. هەروەها ئەرکی دەولەتی عێراقە ئاوری جدی لەژیانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالبداتەوە و بەمەرسومێکی کۆماری داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات و قەرەبووی بکاتەوە بۆ ئەوەی لەسایەیدا گەلانی عێراقیش بە لێبوردەییەوە تەماشای ئایندەی خۆیان بکەن. بەپێچەوانەوە خەونی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی عێراق نایەتەدی.

ناوەندی چاک– کوردستان

نوسینگەی گەرمیان

CHAK-KURDISTAN
2008/8/21

TL: 07701520287 Asia call E-mail: korak 07501223421
chak.kurdistan@yahoo.com
www.chak.info www.nawandihalabj.com